# گەلرۆژی

Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

**ژمارە (٢١٤) یەکشەممە ١٧-٨-٢٠٠٨**


## بەڵگەکانی ئەرگەنەکۆن بزر دەکرێن

رۆژنامەی زەمانی تورکی راگەیاندووە کە بەڵگەکانی ساختەکردن و زەوتکردنی زەوی لەلایەن ئەرگەنەکۆنەوە لە دادگەی کوچکچەکمەچەوە شوێن بزر کراون، کە بەگەورەترین ساختەکاری زەویوزار لە مێژووی کۆماری تورکیا دادەنرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان سەدان سی دی و دی ڤی دی وەکو بەڵگە لەو دادگە پارێزراوبوون، بەڵام وادیارە بەمەبەستی شاردنەوەی ساختەکاریەکانی ئەرگەنەکۆن شاردراونەتەوە.


ل3 شکۆداربێ ١٥ی ئاب، ساڵرۆژی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان

ل4 وێڕای وشکە ساڵی، جووتیاران باس لە بەرهەمەکانیان دەکەن

ل5 کەرکوک لەنێوان خواستی عەرەبی فراوانخوازو کوردی بێبەرنامەدا

ل6 تیرۆری رۆح، لە چوارچێوەی خێزاندا

ل7 راگەیاندن لە سێبەری جیهانگیریدا


# بۆ دژایەتیکردنی کوردستان، هۆزە عەرەبیەکان چەکدار دەکرێن

سەرچاوەیەکی ئاگادار بەهەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند، دوای ئەوەی کە لیوای ٤ی سەر بە فرقەی ٥ی سوپای عێراق هاتۆتە ناوچەکانی خانەقی، جەلەولا، سەعدیەو قەرەتە و دەستیان بە چەکدارکردنی عەشیرەتە عەرەبیەکانی ئەو ناوچانە کردووە، نیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستان گەورەتر بوونەتەوە.

وەک لە هەفتەی رابردوو سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردبوو کە لیوای ٤ی فرقەی ٥ی سوپای عێراق بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچە دابراوەکانی کوردستان بەرەو خانەقی و جەلەولاو قەرەتە هاتوون، بەوهۆیەشەوە لیوای ٣٤ی گەرمیانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان کەوتبووە ئامادەباشی و بەرسنگی لێگرتبوون، بەڵام دوایی راگەیەنەدرا کە هاوکارییێکی پتەو لەنێوان هەردوو لیواکەدا هەیە، ئامانجی هاتنی لیوای ٤ بۆ بەردەوامکردنی پرۆسەی بەشائیرولخەیرە کە حکومەتی عێراق دژ بە گروپە چەکدارەکان دەستی پێکردووە، بەوهۆیەشەوە بڕیاردرا بەکاتی ئەو لیوایە لەو ناوچانە جێگیر بکرێ، بەڵام سەرچاوە ئاگادارەکان جەخت دەکەنەوە کە لیوای ٤ هاتووەو بمێنێتەوەو لیوای ٣٤یش بۆ سنووری ئێستای هەرێمی کوردستان پاشەکشە پێبکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە دەستپێکدا دەستیان بەچەکدارکردنی عەرەبەکانی ئەو ناوچانە کردووە کە پێشتر هەموویان خۆیان وەکو لایەنگری پارتەکانی کوردستان پێشان دەدا، بۆ پوچەڵکردنەوەی چەکدارکردنی عەرەبەکان هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە لایەنە کوردستانیەکان کە ژمارەیان ١٥٠٠ کەسە بەرەو خانەقی رەوانە کراون.

بە گوێرەی زانیاریەکان ئەگەر دانوستاندنی شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی کاک کۆسرەت رەسوڵ عەلی لەگەڵ حکومەتی بەغداد ئەرێنی نەبێ، لەوانەیە شەو پێکدادانی لێبکەوێتەوە، چونکە فیرقەی چوارو دوو لیوای دیکەی سوپای عێرقی کە ژمارەیان نزیکەی ٢٥ هەزار کەس دەبێ، دەبابەو هەمەرو چەکێکی زۆریان پێیە لەناوچەکە جێگیر کراون.

لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری عێراق رایانگەیاندووە کە سوپای عێراق مەبەستی شەڕکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستانی نیە، بەڵام بەرپرسانی کوردستان لەو لێدوانانە دڵنیانین، گومانیان هەیە، ئامادەباشی دەکەن، نەوەک لە هیکەوە سوپای عێراق هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانی ئەو ناوچانە.

هەرچەندە کە هەندێ ئاژانسی هەواڵ باسی کشانەوەی هێزەی پێشمەرگە دەکەن، بەڵام چاودێران ئەمە بە دوور دەزانن.

## بۆ سڕینەوەی کوردستان، پێشنیاری هەرێمی باکوور دەکرێ

سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا درکاندوویانە کە حکومەتی ئەنکارا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە عێراق بۆ سێ هەرێم دابەش دەکرێ، بۆیە نەخشەیەکی تایبەتی دروست کردووەو پێشنیاری بە ئەمریکیەکان کردووە تا سێ هەریمی باکوور، ناوەڕاست و باشوور دروست پێکبهێنرێن.

چاودێرن پێیانوایە کە بەمەبەستی رزگاربوون لە هەرێمی کوردستان، تورکیا پێشنیاری کردووە کە هەرێمی باکوور پێکبهێنرێ و هاوشێوەی ویلایەتی موسڵی کۆن بێ، کەرکوک و موسڵیش لە نێو هەرێمی باکوور دابن، بەوهۆیەوە تورکمان دەبێ بە نەتەوەی دووەم و دەتوانرێ پۆستە گرنگەکانیان پێبسپێردرێ و هەموو لایەکیش رازی بکرێن.




سەبارەت بە گێڕانەوەی کەرکوک بۆ هەرێمی باکوور ئامادەباشی دەکرێ، بەڵام تورکیا دەیەوێ بە چاکە بۆ خۆی پێوانە بکرێ و سەرنجی کوردو تورکمانی پێ رابکێشێ.

سەبارەت بە گێڕانەوەی کەرکوک **هاشم تائی**، سەرۆکی لیژنەی هەرێمەکان لە پەرلەمانی عێراقدا نیگەرانی خۆی پێشانداوەو دیاریکردووە کە ئێستا بەئەنقەست باس لە ناوچەی نەخیب دەکرێ کە لەنێوان پارێزگای کەربەلاو ئەنبار کێشەی لەسەرە، مەبەستیش ئەوەیە کە نەخیب بخرێتە سەر کەربەلا، دواتر هەرێمی باشوور لە نۆ پارێزگا پێکبهێنرێ.

رەشید ئەلعەزاوی، ئەندامی بەرەی تەوافق پێیوایە کە تەقاندنەوەی کێشەی نەخیب بۆ ئەوەیە تا کەرکوک لەبیر بکرێ و بە خشکەیی بخرێتە سەر هەرێمی باکوور، ناوبراو ئەمەشی بە مەترسی ناوبردووەو پێیوایە کە ریکەوتنێکی نهێنی لەنێوان ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی عێراق کە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکایەتی دەکات، لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان هەیە، تا نەخیب بخرێتە سەر کەربەلاو کەرکوکیش بخرێتە سەر هەرێمی باکوور.

# تکریت داوای بووردنی مەشعان جبوری دەکات

**زامن علێوی ئەلموتلەگ** سەرۆکی لیژنەی پەیوەندی و راگەیاندن لە ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین ئاشکرای کردووە کە ئەنجوومەنی پارێزگاکەیان بەنیازن یاداشتنامەیەک بۆ نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق بەرز بکەنەوەو داوای لێبکەن تا حەسانەی پەرلەمانی بۆ مەشعان جەبوری سەرۆکی لیستی ئەلمسالەحە وەئەلتەحریر بگێڕدرێتەوە یان بەر لێبووردن بکەوێ.

زامن علێوی گوتویەتی: 'مادام پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە گۆڕێ دایە، پێویستە حەسانەی پەرلەمانی بۆ جبووری بگێڕدرێتەوەو پێشوازی لەو کەسانە بکرێ کە هەوڵی پێشخستنی پرۆسەی سیاسی دەدەن.

زامن علێوی رایگەیاندووە کە گێڕانەوەی حەسانەی پەرلەمانی خواستێکی جەماوەری پارێزگای سەلاحەدینەو داوایێکی رەواو بەجێیە، چونکە ئەو نوێنەرایەتی ئەو پارێزگایە دەکات.

# سیاسەتمەدارێکی کورد لە لایەن سوریەوە دەستگیر دەکرێ

دەسەڵاتدارانی ئەمنی سوریا بەرپرسی رەوتی ئایندەی کورد لە سوریا (شەپێلا پاشەرۆژێ یا کورد ل سوریێ) دەستگیردەکەن.

بەپێی لێدوانێکی ئەو رەوتە کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، شەوی ١٤/١٥-٨-٢٠٠٨ دوای ئەوەی شاری کۆبانی بەجێهێشتووە "مەشعەل تەمۆ"ی بەرپرسی رەوتی ئایندەی کورد لە ڕێگەدا بێ سەروشوێن بووە ، بەڵام سەرچاوەکانی ئەو رەوتە جەخت دەکەنەوە کە لەناوبراو



لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سوریاوە دەسگیرکراوە.

ڕەوتی ئایندەی کورد لە سوریا لە ڕاگەیاندراوەکەدا وێڕای ئەوەی کە داوای ئاشکراکردنی چارەنووسی ناوبراوی لە دەسەڵاتدارانی سوریا کردووە، هیواشی خواستووە تا سەرجەم هێز و کۆمەڵەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان گوشار لەسەر رژێمی سوریا دابنێن و ژیانی ئەو سیاسەتمەدارو چالاکوانە لە مردن رزگار بکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە تەمۆ سیاسەتمەدارێکی ناسراوو چالاکوانی ڕێگەی مافەکانی گەلی کوردە، بەوهۆیەشەوە چەندین جار لەلایەن سوریاوە زیندانی کراوە.

## رۆژەڤ

کشانەوەو نەکشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی خانەقی مشتومڕی زۆری لێ کەوتۆتەوە، لەلایەکەوە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە جەخت لەسەر کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە خانەقی دەکاتەوە و عەرەبەکانیش خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو کشانەوەیە پێشان دەدەن و بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ بەیەکەوە ژیانی نەتەوەکانی عێراق دادەنێن!! لەلایەکی دیکەشەوە هێزی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان کشانەوەی پێشمەرگە بە زیان دادەنێن و دەخوازن کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕیاری کشانەوە نەدات.

چوونی شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاک کۆسرەت رەسول جێگری سەرۆکی هەرێم و بەیاوەری کاک فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەغداد و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراقی گەواهی ئەو راستیە دەدەن کە کێشەو ناکۆکی لەنێوان هەولێرو بەغداد ماوەتەوەو هاتنی لیوای ٤ی فرقەی ٥ی سوپای عێراقیش بۆ ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە تا ئێستا بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگێڕدراونەتەوە، کێشەکانی گەورەتر کردۆتەوە.

هێزە سیاسیەکان و کوردستانیان بە تێکڕایی چاویان لەو دانوستاندنانە بڕیوە کە شاندی کوردی لەگەڵ بەرپرسانی بەغداد ئەنجامی دەدەن، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێ سەرکردایەتی کوردستان پێداگری لەسەر داخوازیەکانی بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بکات، بەتایبەتیش دوای ئەو هەڵوێستەی کە پەرلەمانتارانی عەرەب لە رۆژی ٢٢ی تەمموز دژ بە کەرکوک نواندیان، خەڵک هۆشیارانەتر رەفتار لەگەڵ پێشهاتەکاندا دەکات. کوردستانیان نایانەوێ ئەو دەرفەتەش لە دەست بچێ و یاری خاپاندن درێژەی پێبدرێ.

ئەگەر بەرپرسان و هێزە سیاسیەکانی عێراق باس لە پێکەوە ژیان و عێراقێکی نوێ دەکەن "کە چاودێران ئەمە بە ئەگەرێکی لاواز دەبینن" دەبێ نیازپاکی خۆیان بە کوردستانیان پێشان بدەن، چونکە بەدرێژایی پێج ساڵی رابردوو بەرپرسانی حکومەتی بەغداد جگە لە بەڵێن و لێدوان و قسەی رازاوە هیچ هەنگاوێکی کردەییان بۆ ئاسایی کردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان هەڵنەهێناوەتەوە، ئێستاش زۆر سەختگیرانە پێداگری لەسەر عێراقیبوونی کەرکوک دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نابێ بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو بێ، ئەمەش ئەو مەترسیانەن کە کوردستانیان هەر لە ئێستاوە پێوانەی بۆ دەکەن و نایانەوێ بە دەستی خۆیانەوە چارەنووسی خۆیان بە نادیاری بسپێرن.

تا کار لە کار نەترازاوە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان شێوازێکی دیکەی کردەیی بۆ گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکان دەکار بکات و سەرنجی جیهانی پێ رابکێشێ.

## نیپال بەرەو حوکمی کۆمۆنیستی دەڕوات

**پراشاندا** سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی نیپال ٨٠% ی دەنگەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا، کەچی **شیر بەهادور** کاندیدکراوی پارتی کۆنگرە تەنیا ٢٠% ی دەنگەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا، ئەمەش بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ پارتی کۆمۆنیستی نیپال دەژمێردرێ، بەتایبەتی کە رەوتی کۆمۆنیتستی لە جیهان لە پاشەکشەدایە.

جێی ئاماژەیە، لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی وڵاتی نیپال لە مانگی نیسانی رابردوو کۆمۆنیستەکانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو.




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com